# ئایا ڕێنیشاندەرتان بم بۆ هەندێك (كردەوە) كە بە هۆیانەوە خوای گەورە لە تاوانەكان خۆشدەبێت وپلەتان بەهۆیانەوە بەرز دەكاتەوە؟

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- كە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرمویێت: «ئایا ڕێنیشاندەرتان بم بۆ هەندێك (كردەوە) كە بە هۆیانەوە خوای گەورە لە تاوانەكان خۆشدەبێت وپلەتان بەهۆیانەوە بەرز دەكاتەوە؟»، ووتیان: بەڵێ، ئەی پێغەمبەری خودا، فەرمووی: «دەستنوێژگرتن (بە شۆردنی ئەندامەكان) بە كامڵی وڕێكی سەرەڕای بوونی ناڕەحەتیش، وزۆر هەنگاو نان بەرەو مزگەوت، وچاوەڕێكردنی نوێژێک پاش تەواو بوونی نوێژێكی تر ؛ چونكە بەڕاستی ئەمەیە پاسەوانی و سەنگەرگرتن بەرامبەر دوژمن (ئەمەیە جیهاد))«.

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی كردووە)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پرسیاری لە هاوەڵانی كرد: ئایا دەتانەوێت كردەوەیەكتان پێ بڵێم كە هۆكارە بۆ لێخۆشبوون لە گوناهەكانتان، وبۆ سڕینەوەی لە كتێبی فریشتەكان، وبۆ بەرزبوونەوەی پلەكان لە بەهەشتدا؟ هاوەڵان ووتیان: بەڵێ، دەمانەوێت پێمان بڵێیت. فەرمووی: یەكەم: دەستنوێژگرتن بە ڕێكی وكامڵی لەكاتی ناڕەحەتی ؛ وەكو سەرما، وكەم ئاوی، وئازاری لاشە، وئاوی گەرم. دووەم: زۆر هەنگاونان لە ماڵەوە یان لە هەرشوێنێكی ترەوە بەرەو مزگەوت، ودووبارە كردنەوەی ئەم كردەوەیە. سێیەم: چاوەڕێ كردنی كاتی نوێژكردن، وبەستنەوەی دڵ بەم چاوەڕوانیە، وخۆئامادەكردن بۆی، ودانیشتن لە مزگەوت بۆ چاوەڕوانیكردنی نوێژی بەكۆمەڵ، ئەگەر لە مزگەوتدا چاوەڕوانی نوێژ بكات ؛ ئەمیش هەر بە نوێژكردن بۆی دەنووسرێت. پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕوونیكردەوە كە ئەم كردەوانە خۆئامادەكردنی ڕاستەقینەن بۆ جیهاد كردن؛ چونكە ڕێگا ودەرگاكانی شەیتان دادەخات بەرەو نەفس، وزاڵبوونە بەسەر هەوا وئارەزوو، وڕێگر دەبێت لە وەسوەسەكانی شەیتان، بەم شێوەیە كۆمەڵی خودا سەردەكەون بەسەر سەربازەكانی شەیتان ؛ ئەمیش گەورەترین جیهادە، بۆیە لە پلەی خۆئامادەكردنە بۆ جیهاد لە سەنگەری دوژمنان.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3574

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee